# کایل وۆکەر بۆندی تۆتنهامی تازەکردەوە




یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی لە دوو شەممەی رابردوو بلاویکردەوە کە بۆندی یاریزان کایل وۆکەری پیترسی بۆ وەرزێکی دیکە تازەرکردەوە، یاریزانی بالی راست کایل وۆکەر پیترس یەکەمین یاری لەگەڵ یانەی تۆتنهام لە مانگی ئابی 2017 بووە، هەروەها لەم وەرزەش 9یاری ئەنجامداوە یەک گۆڵی تۆمارکردووە. کەمی یاریکردنی وۆکەر لەگەڵ یانەی لەندەنی بەهۆی کرینی سێرگی ئۆرێ بووە لەیانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی لەهاوینی رابردوو، هەروەها ئاست بەرزی کیران تریبێر کە 35یاری لەم وەرزە ئەنجامداوە. میدیاکانی بەریتانی بلاویانکردەوە کە راهێنەر ماوریسیۆ بۆچیتینۆ لەکاتێکدا بریاریدا بۆندی وۆرکەر بۆ وەرزێکی دیکە تازە بکاتەوە دوای ئەوەی لەهاوینی رابردووش بۆ وەرزێک درێژ کرابۆوە. تۆتنهام توانی بگاتە خولی یانە پاڵەوانەکانی وەرزی داهاتوو، دوای ئەوەی پلەی سێیەمی پریمەرلیگی بەدەستهێنا بەکۆکردنەوەی 77 خاڵ.

# بەرازیل لیستی ئەستێرەکانی بۆ مۆندیال راگەیاند




یەکێتی تۆپی پێی بەرازیلی و راهێنەرەکەی تیتی لیستی هەڵبژاردەکەی بۆ مۆندیالی رووسیا بلاوکردەوە، کە لەمانگی داهاتوو دەست پێدەکات. راهێنەری بەرازیلی تیتی ناوی 23 یاریزانی راگەیاند کە لەماوەی داهاتوو کاریان لەسەر دەکات بۆ مۆندیال، کە تیپەکەیان لە 21ی ئەم مانگە کۆ دەبێتەوە، بۆ ئامادەکاری مۆندیالی رووسیا. هەڵبژاردەی بەرازیل دوو یاری دۆستانە ئەنجام دەدات، بەرامبەر کرواتیاو نەمسا، لە 3و 10ی حوزەیرانی داهاتوو، یەکەمین یاری مۆندیالی لە 17ی مانگی داهاتوو بەرامبەر سویسرا دەبێت. لیستی بەرازیلیش بەمشێوەیە:

گۆڵپارێز: ئالیسۆن/ رۆما، ئیدرسۆن/مان سیتی، کاسیۆ/کۆرینسناینز

- هێڵی بەرگری: دانیلۆ/مان سیتی، گیرۆ مێل/گریمیۆ، فیلیپی لویس/ئەتلەتیکۆ مەدرید، مارسێلۆ/ریال مەدرید، مارکینیۆس/پاریس سان جێرمان، میراندا/ئینتەر میلان، ڤاگنەر/کۆرنسیانز، تیاگۆ سێلڤا/پاریس سان جێرمان.

- هێڵی ناوەراست: کاسیمێرۆ/ریال مەدرید، فێرانادینهۆ/مان سیتی، فرێد/شاختار، پاولینهۆ/بەرشلۆنە، کۆتینهۆ/بەرشلۆنە، ریناتۆ ئۆگۆستۆ/پەکین جوان، ویلیان/چێلسی.

- هێڵی هێرشبردن: دۆگلاس کۆستا/یۆڤنتۆس، فێرمینهۆ/لیڤەرپوول، گابرییێل خیسۆس/مان سیتی، نیمار/پاریس سان جێرمان، تایسۆن/شاختار

# کوینتراو داوای لێبوردن لە پورتوگال دەکات




بەرگریکاری پورتوگالی فابیۆ کیونتراو لە ئێوارەی دوو شەممەی رابردوو رایگەیاند کە لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال بەشداری مۆندیالی 2018 ناکات کە مانگی داهاتوو لە رووسیا بەرێوەدەچێت. لێدوانەکانی باڵی چەپی پورتوگالی لەسەر لاپەری تۆری کۆمەلایەتی (ئنیستیگرام) بلاوکرایەوە، بەلام دەرگای گەرانەوەی بەتەواوی داناخست، کوینتراو دەڵێت: بە راهێنەرەکەم راگەیاندووە کە بەتەواوی ئامادە نیم بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکی ئاوا گەورە لەگەڵ هەڵبژاردەکەم بەشداری بکەم، بەهۆی ئەم ماندووبوونە زۆرەی لەم وەرزە هەمبووە. کوینتراوی تەمەن 30ساڵ باسی گەرانەوەی بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال دەکات و دەڵێ: ناتوانم باڵی هەڵب1ژاردەکەم بەرێوە ببەم، هیواخوازم لەداهاتوودا بتوانم یارمەتیان بدەم، کوینتراو لەماوەی وەستانی نێودەوڵەتی رابردوو بانگهێشت کرا، بەلام، داوای کرد بەهۆی ئازاری ماسولکەکانی دووری بخەنەوە.

# مونیر حەدادی
## لەگەڵ مەغریب بەشداری مۆندیال ناکات



دادگای ناوبژیوانی وەرزشی چاوپێخشاندنەوەی هێرشبەر مونیر حەدادی و یەکێتی تۆپی پێی مەغریبی رەتکردەوە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ناتونێت بەدرێسی مەغریب لەمۆندیالی 2018 یاری بکات. مونیر حەدادی و یەکێتی مەغریبی داوای چاوپێخشاندنەوەیەکیان پێشکەشی دادگای وەرزشی کردبوو، لەسەر بریاری لیژنەی کاروباری یاریزانانی فیفا لە 13ی ئاداری رابردوو، بەلام ناوبراو رەتیکردەوە پێناسی یاریزانی ناوبراو لە هەڵبژاردەی ئیسپانی بۆ مەغریب بگۆرێت. حەدادی خاوەن رەگەزنامەی ئیسپانی و مەغریبییە، کە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا یەک یاری ئەنجامداوە، ئەویش لە ئەیلولی 2014 بوو بەرابەرایەتی راهێنەر ڤیسنتی دیل بۆسکی، بەرامبەر هەڵبژاردەی مەقدۆنیا لە پالاوتنی نەتەوەکانی ئەوروپا. لەوکاتەوە مونیر حەدادی بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بانگهێشت نەکراوە، ئەمەش وایکرد ئارەزوو بکات لەگەڵ هەڵبژاردەی مەغریب بەشداری مۆندیالی رووسیا بکات، بەلام داوایەکەی بەخێرایی لەلایەن بەرپرسانی فیفا رەتکرایەوە. لیژنەی کاروباری وەرزشی یاریزانان داوایەکەی حەدادی رەتکردەوە، بۆ گۆرینی رەگەزنامەی وەرزشی بۆ مەغریب.